هۆنراوە بۆ منداڵان

# خەیاڵی کۆترەکان

## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

چاپی یەکەم

٢٠٢١

ناوی کتێب :خەیاڵی کۆترەکان

بابەت :هۆنراوە ی منداڵان

ناوی نوسەر: فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

تایپ و دیزاین : پەیام ڕەفیق محمود

نۆبەی چاپ : یەکەم _ ٢٠٢١

تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٠٩٠) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

# وتەی نوسەر

سلاّو لەمندالّەئازیزوخۆشەویستەکانی کوردستانەکەم، خۆشـحالّم کـەجارێکیتر لـەدووتوێی ئـەم کتێبەداچـەند هۆنراوەیـەکتان پێشـکەش بکـەم بـەناوی ( خـەیالّی کۆترەکـان ) کەهـەلّقولاّوی جیهانــە جوانەکــەی خۆتانن.هەنــدێکیان پێشــتر بەچــا پم گەیاندوون، بەلاّم لەڕووی هونەرییـەوە بـەدلّم نەبوون.هـەروەها زۆربەیان لەوگۆڤارانـەی کـە بۆمنـدالاّن دەردەچـن لەکوردسـتان بلاّوکراونەتەوە.گرنگی ئاما نجیشم بۆلەچا پدانیان تەنهاوتەنها خزمەت وسوودگەیاندنە بـەئێوەی منـدالّ،ئێوەی ئازیز،لـەڕووی پەروەردەو فێربون و نیشاندانی ڕوخساری جوانی ژینگـەو ژیـان و ڕۆلّ و کاریگەری ئێوەی ژیرو دانا لە پاراستن و جوانکردنی ئەو دنیا ڕەنگالّییەی خۆتـان .هیـوادارم بـەوردی بیا نخوێننـەوەو بـەدەنگ وئاوازی خۆش بیانلّێنەوە لەناومالّ وقوتا بخانە، چونکەهەمویان پەروەردەین وکورد وتەنی"بەبالاّجوانەکەی خۆتان بڕاوە"

فەرهادئەحمەدبەرزنجی

١/ ٦ / ٢٠٢١ سێشەممە / سلێمانی

## ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە :

- لاوەند و ڕەهەند و ئلیانا
- سەرجەم منداڵانی کوردستان
- بیرمەندان و نوسەرانی وشەی زێڕینی کوردی

هەموو ئەوانەی لەهەوڵی ئایندەیەکی گەشن بۆ منداڵانن.


# گەشتێک بۆ ئاسمان

وا بەسواری فڕۆکە
گەشتمکردوە بۆ ئاسمان
لەم بەرزییەوە دەڕوانم
بوم بە هاوڕێی هەورەکان
ئای چەند جوانە دەبینم ؟!
هەوری سپی وەك لۆکە
بێنەوەی زیان بدات
خۆی دەدات لەفڕۆکە
لە پەنجەرەی ڕووناکی
فڕۆکەوە دەمڕوانی
پۆلێک پەپولەو باڵدار
هاتنەلام بە میوانی
وتیان ئێمە هاوڕێی تۆین
ماڵمان وا لەم گەردونە
گەشتی تۆ بۆلای ئێمە
مایەی ئاسودە بونە
هەورین لە شێوەی باڵدار
تا منداڵان دڵخۆشکەین
کاتێکیش کە پێویستکات
وەکو باران دادەکەین



# پێنوس وپەڕاو

بوومەتە هاوڕێی پـــەڕاو
دەیپارێزم وەکو چـــاو
تیا دەنوسم ژمـــارە
بەم پێنوســـە نـــازدارە
پێنوسەکەم خۆشـــدەوێ
لە بـەرچاوم ناکــــەوێ
پێیدەکێشم وێنەی جـــوان
سەوزایی و شاخ و ئاسمان
پەڕاو هاوڕێـــی ژینمــــە
پێنـــوس ووزەو تینمــــە
بۆیـــە ئـــاوا چالاکــــم
لە نەزانین بـــۆ باکــــم



# جەژن

ئــەمڕۆ جیاواز لــەڕۆژان
بەیانی لەخـــەو هەستـــام
زۆرئاســوودەوکامـــەران
لەبـەر ئاوێــنە وەستـــام
ڕووخسارم شت بەسابوون
قژم جوانکـــرد بەشانـــە
بۆنانخواردنــــی جـــەژن
ڕۆشتم بەرەو چێشتخـــانە
ئای چەند خۆشبوو کەبینیم!
دایەو بابــە وەستابـــوون
بۆخواردنی نانــی جــــەژن
لەچاوەڕێی منــدا بـــوون
منیش بە دڵ و بــە گیـــان
تەوقەم لەگەڵــدا کـــردن
بەماچ و دەست لەملانیـــان
جەژنم لێ پیرۆز کـــــردن
وتم سوپاس بۆیــــەزدان
کە ئێـــوەی بـە مــن داوە
هێندە بەرزو بـــەڕێـــزن
جێگەتان لەســەرچـــاوە
هەرچەندە کە جـــەژن دێ
خێرو خۆشیــی پێوەیـــە
بەڵام خۆشی و جەژنی مـــن
بەهـــۆی بوونی ئێوەیـــە



# ماسیەکان

دوێنێ لەماڵی پوورم
لەگەڵ بانو و شاد و یاد
کاتی خۆشمان بەسەربرد
بەئێکس بۆکس و ئایپاد
ئینجا[ بانوو] بردینی
بۆلای حەوزی ماسیەکان
زانیاری زۆری پێدایین
لەسەر ژیان و جۆریان
ڕەنگیان پرتەقاڵی وسور
زۆر دڵگیربوو دیمەنیان
دیاربوو یارییان دەکرد
بەکلک وباڵ و سەریان
بەڵام من نیگەران بووم
بەژینی ئەم ماسیانە
هەستمکرد دیلکراون
وان لەناو بەندیخانە
بۆیە چوومە لای پوورم
پێمووت چۆن لات ڕەوایە؟
خۆت بەئازادی بژی
گیانداری دیلت لایە
پوورم وتی زۆر ڕاستە
باش نیە ئەو جێگایە
چونکە ماڵی ماسیەکان
ناو ڕووبارو دەریایە



# کەروێشکە سپی

ئەوکەروێشکە سپییـــە
جوانــە لە وێنەی نییـــە
هەتا بڵێی نیـــانـــــە
خنجیلەیە و خەپـــانــە
هەمیشە من حەزدەکەم
یاری لەگەڵدا بکـــەم
دێم و دەچم لەگــەڵیــا
دەیدەمێ گــێزەروگیـــا
ئازاری یەکتـــر نادەیـــن
لەگەڵ یەکتر لێبوردەین
ئەویش زۆر ئاسودەیـــە
هاوڕێی وەک منی هەیە



# پۆلی یەکەمین

منداڵی پۆلـی یەکیـــــن
بۆیـــە ئازاو زیـرەکیـــن
هـەرکە دەچینـە ناوپـــۆل
دادەنیـشیـن گورجـوگــۆل
پـەرتوکمان دەر دەهێـنیـن
چـونکــە وانـە دەخـوێنیـــن
چـاوەڕێین مـامـۆستامــان
بــەخـەنــدە بێتـــــەلامــان
بـەیاری و گفـتی شیریـــن
دەمانخــاتـە پێکەنیـــــن
لەگـەڵ زانیـــاری بەســـود
ئینجا گۆرانــی و ســــرود
هیـوا دەبــەخشێ پێمــــان
هــەتـــا ڕووناکبێ ڕێمـــان



# سلێمانی

ئای چەند دڵگیرو جوانی ؟!
شارەکەم سلێمانی
ئێمە زۆرمان خۆشدەوێی
پڕسۆزو میهرەبانی
بەڕۆژ خۆری ئاسمانت
هێمایە بۆ ئازادی
بەشەو ئەستێرەکانت
دەبەخشن تیشکی شادی
هەموو شارانی دنیا
باجوان و ڕازاوەبن
بەڵام هەرگیز وەکوتۆ
خۆشبەختی نادەن بەمن
دامێنی شاخی گۆیژەت
سەیرانگای چاڤیلاندە
مایەی خۆشبەختی ئێمەی
شاری جوان و بەخشندە
پێدەشت و سەوزایی تۆ
کانی و کارێزو ئاوت
بۆ ئێمە شانازییە
ئەمڕۆ ناوبانگ و ناوت
بۆیە بڕیارمانداوە
دڵسۆزبین بۆ ئەم شارە
وتەو کردار یەکبخەین
ئەوسا شار جوانتر دیارە



# پەرتووک

بە پەرتووک ڕۆشنبیرم
باشترین هاوڕێی ژینم
پڕە لەچیرۆکی خۆش
ڕووناك دەکات بیرو هۆش
هاوڕێیەکی هێمنە
هەروەکو خۆر ڕۆشنە
ڕێی ڕاستم نیشان دەدات
داهاتووم ڕۆشن دەکات
ژین بە پەرتووك ڕەنگینە
هەمیشە لام سەنگینە
بەجوانی ڕێکیان دەخەم
لەناو پەرتوکخانەکەم



# شارەکەمان

ئێمەی منالْ ژیروجوانین
خەڵکی شاری سلێمانین
ئەم شارەمان زۆر خۆشدەوێ
ئاوەدانی ئەومان دەوێ
بەڕۆژ خۆری گەشی جوانی
بەشەویش ئەستێرەکانی
هێمان بۆ ئاشتی وئازادی
سەرچاوەن بۆ خۆشی و شادی
ئای چەند جوانن کاتی سەحەر!
شاخەکانی گۆیژەونەزمەڕ
لە دامێنیان سەوزایی دەشت
لەبارە بۆسەیران وگەشت
پڕ سەرچاوەوئاوی کانی
ئاوەدانە سلێمانی
بۆئێمە جێی شانازییە
کە شاری ڕۆشنبیرییە
هەموومان وا بڕیار دەدەین
وتەوکردارمان یەکدەخەین
تا بەخۆشی و شادی بژین
بۆئەم شارە دڵسۆز دەبین



# خۆپارێزی لەکۆرۆنا

بەرەنگاری کۆرۆنا
بۆتە ئەرکی هەموومان
دەبا باش بیپارێزین
خۆمان و ژینگەکەمان
ڕێنماییەکان ئاسانن
کاتێک لەماڵ دەردەچین
دەستەوانە لەدەستکەین
دەمامکیش ببەستین
لەناوماڵ بۆ خاوێنی
پاکژکەر بەکاردێنین
دەبێت بەسابون و ئاو
زوو زوو دەستمان بشۆرین
من دڵنیام گەر وابین
بەدوورین لەنەخۆشی
ژینگەمان خاوێن دەبێ و
هەموو دەژین بە خۆشی





# دڵ

دڵم لەلای چەپدایـــــــە
تەپ تەپ لە لێداندایـــە
خۆشەویستە دڵەکـــەم
لەگەڵ ئەودا ژین دەکەم
ئەندامێکی بچوکـــــــە
پێکهاتووە لە ماسولکـە
ئامێری بێ هاوتایـــــــە
هەروەکو ترومپایـــــــە
کاتێک خۆی گرژ دەکـات
بەخێرایی خوێن دەبـات
بۆ ناو بەشەکانی لـــەش
تا ڕوومان بکات ئاڵوگەش
کاتێکیش خاو دەبێتـــەوە
پڕ لە خوێـــن دەبێـتـەوە
ئەم ئەندامە پـڕ ســـۆزە
بۆ ئێمـــە زۆر دڵســـۆزە
بەخششی خوای گەورەیە
چالاک و لێبـــوردەیـــــە





# باران

زۆر خۆشە باران باریـــن
کاتێک تەڕدەکات زەمیـن
گەڵاو گوڵ دەشواتـــەوە
زەوی پاک دەکاتـــــەوە
منیش لەگەڵ چەترەکەم
لەبەر باران سەماکـــــەم
یاخوابیـــــارێ بـــاران
لە دێیـــان و لەشـــاران
با مرۆڤ و کیانلەبــــەر
شادییـان بۆ بێتە بـــــەر
ئاوی جۆگەلەو ڕووبـــار
جوانی گوڵی لادێ و شار
دیاری بارانـن هەمـــــوو
یاخوا ببـــارێ زوو.زوو



# خواستەکانم

زۆر حەزدەکەم منـــی منداڵ
لە قوتابخانەولـــەنـاو مـاڵ
هاوکارم بن گـــەورەکـانـــم
بۆ هاتنە دی خواستەکانـــم
با لـــەسەرخۆ بمـــدوێنـــن
بوارم بـــۆ بڕەخســـێنـــن
تا دەرکەوێ تواناوبـەهـــرەم
پێتان بڵێم کە منیش هـــەم
بەرەو لوتکـــە وا بـەڕێـــوەم
چاوەڕوانی هەوڵی ئێـــوەم
دەئەی بابەو دایەی بەســـۆز
هەوڵبـــدەن ئێوەی دڵســـۆز
تا پێبگەم بەهرەمەنـــد بـم
دواڕۆژ بۆ گەل زۆر سودمەندبم
وەک کەسێکی وریاوچـــالاک
خزمەت بکەم بە گەل وخـــاک



# ئارەزووی ساوا

ئازیزی دایەوبابـــەم
ئارامبەخشی ماڵمانــم
خنەخن دێم و دەچــم
ئاسوودەو شادمانـم
چوار دانی وردم هەیە
خەندەش لەسەرلێوانم
لووتم هەر وەکو نوقـڵ
گەشن هەردوو چاوانم
خاوەنی گوێم وەک ئێوە
پێی دەبیستم بەجوانی
جارجار دەمەوێ بدوێم
بۆتان بڵێم گـۆرانـی
قـــاچەکانـم لاوازن
دایکم، پێمدەڵێ هەستە
وەختی دارەدارەمـــە
کەچی ڕۆیشتن سەختە
ئەمانە خەیاڵم بوون
چونکە ئێستاکە ساوام
هەرچەند ناتوانم بدوێم
بەڵام پڕ خۆزگەوخولیام
دڵنیام ئـــەو ڕۆژەدێ
منیش هەروەکو ئێـوە
توانای گفتوگۆم هەبێ و
بەبێ بڕۆم بە ڕێـــوە



# دایکم

دایکم بەرزو پیرۆزە    کەسێکی زۆر دڵسۆزە
چاوانی پڕ گەشبینی    دڵخۆشم بەبینینی
شەو و ڕۆژ بەبەردەوام    بۆگەیشتن بە هیوام
ڕێی ڕاستیم پیشان دەدات    بۆ چاکەهانم دەدات
لەخۆم زیاتر پەرۆشە    کە دڵخۆشبم ،دڵخۆشە
بۆیە بەڵێن بێ دایە    ڕەنجت نادەم بەزایە
گشت ئامۆژگاریەکانت    وتەو کردەوەکانت
دەکەم بە یاسای ژیان    ڕۆشن وەکو دەمبەیان
پاشەڕۆژ، کە گەورەبووم    دەڵێم پەروەردەی تۆبووم
هەوڵ وماندوبونی تۆ    منی گەیاندە ئەمڕۆ
باشترین ژن لەجیهان    لای من ،هەرتۆی دایەگیان



# دیاری گۆڤار

ئای چەندە بەختەوەرم!!
وەك ماندوی بەرسێبەرم
وائێستاکە لەم شارە
منداڵ هاوڕێی گۆڤارە
بەتاسەوە مانگانە
بۆگۆڤارچاوەڕوانە
چونکە زۆرباش دەزانین
مافە خاوەن گۆڤاریین
بڕگەی ڕازاوەی قەشەنگ
لەگەڵ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ
هەموودیاری گۆڤارن
لەدڵدا شیرین دیارن
بەخوێندنەوەیان هەردەم
ڕۆشنبیرو ئاسوودەم




خەیاڵی کۆترەکان

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

# بەفری بێگەرد

ئای لەم بەفرە چەند جوانە
زەوی سپی کردووە
بەهێمنی دەبارێ
دڵمانی خۆشکردووە
کە دێتە خوار لەئاسمان
هێندەجوانە وەک زیوە
دنیای لاشیرین کردووین
دەڵێی شەکرە باریوە
ڕەنگی بەفر سپییە
نیشانەی بێگەردیە
وەک دڵی ئێمەوایە
ڕق و کینەی تیانیە
منیش لەگەڵ هاوڕێیان
خۆشی دەردەبڕم ئەمڕۆ
وێنەی یادگاری دەگرین
یاری دەکەین لەسەرخۆ



# وەرزش

بـۆ ئەوەی تەندروستبـم
ڕۆژانە وەرزش دەکـــەم
بەباز و جوڵەو یـــاری
جـــوانیی بەلەشم دەدەم

شادم کەوەرزش دەکەم
گەشاوەن چاوەکانـــم
جـوان و ڕێک و بەهێـزن
ئێـسك و ماسولکەکانم

ئەوەی کە وەرزشکـارە
گورجو گۆڵو ئازایـــە
هەمیشەتەندروستـەو
خاوەن حەزو خولیایـــە

تا ئاسودەو دڵخۆشبـــم
لە ماڵ و قوتابخانـــە
لەگەڵ هاوڕێکانی خـــۆم
وەرزش دەکەم ڕۆژانـــە



# خۆر

ئەی خۆری جوانی ئاسمان
هـــاوڕێــی ئێمەی منـاڵان
تۆ ڕۆشنایـی چاومانـــی
بـــۆمـان بڵـێ گـۆرانـــی
ئـێـمـەش کازیوەی بەیان
دەچینە لای هەوری جوان
ماڵێک لەبەرزی ئاسمان
دروستدەکەین بۆ ژیان
پەنجەرەی واڵادەکەین
لەوێش هەرتۆ بانگدەکەین
هەمیشە هاوڕێمانبـــە
ڕووناکی ڕێگەمانبـــە
دەمانەوێ وەک تۆبیـــن
لابەری تاریکی بیـــن
دەخوێـنین بە ژیرانـــە
لەماڵ و قوتابخانـــە
هەتا ڕوی ئێمەش جوانبێ
وەکو ڕووی تۆ ڕوناکبێ



# ساڵی نوێی خوێندن

ئێمەی منداڵ دەزانین
واساڵی نوێی خوێندنە
بەسەرچو پشوی هاوین
کاتی کۆششکردنە

زیرەکی خولیامانە
بۆیە وابەپەرۆشین
بۆساڵی نوێی خوێندنە
هەموودڵ پڕلەخۆشین

قوتابخانە هاوڕێیە
باشترین جێی ئێمەیە
زانیاری لێی فێردەبین
ماڵێکی بەخشندەیە



# لاوەند قوتابیە

لاوەند کوڕێکی ژیرە
وریاو بەهەست و بیرە
ڕۆشنبیر،دەمبەخەندە
ڕوخۆش و بەهرەمەندە
سیمای جوان و خاوێنە
ڕووناك وەکو ئاوێنە
ئاسودە و کامەرانە
دەچێت بۆ قوتابخانە
شەش ساڵ تەمەن تەواوبوو
کاتێک کە لە باخچەبوو
خولیای قوتابخانە بوو
ئامادەی ئەمڕۆژە بوو
بەرگی قوتابی پۆشی
کەوتەڕێ هێدی .هێدی
ئەیوت ئۆخەی ئاواتم
ئێستاکە هاتۆتەدی
جانتاکەی کردە شانی
بۆ پێداویستییەکانی
هەستی بەئارامیکرد
لەگەڵ هاوپۆلەکانی
لاوەند لەپۆلی یەکەم
دانیشتووە بەجوانی
خۆشەویستە لای هاوڕێ و
هەموو مامۆستاکانی



# دوانـــه

براكـــــه‌م زۆر وريـــــايــــــه
دڵســــــۆزو به‌وه‌فــــايــــه
وتــــه‌و كـــــردار شيرينـــــه
هه‌تـــا بڵێـــی سه‌نگينـــــه
زۆر هـــــۆگـــــری يه‌كترين
ناتوانيــــن به‌بـــێ يه‌كبيـــن
خه‌ڵكـــی ده‌يانــــوت دوانه‌ن
ئای چه‌ند جوان و هاوشێوه‌ن ؟!
مـــن لـــه‌م وته‌ نه‌گه‌شتــــم
هه‌تـــاكـــو پێگه‌يشتــــــم
ڕۆژێ پرســـيـم له‌ دايــــــه
مانـــای چيه‌؟دوانــه‌يـــــه‌؟
وتـی :ڕۆڵــه‌هــه‌ردوكتــــــان
پێــكه‌وه‌ هاتنــه‌ ژيـــــــان
كاتێك له‌ناو سكـم بـــــون
له‌وێش هه‌رپێكـــه‌وه‌ بـــون
له‌يه‌كـــده‌چـن ڕوخسارتــــان
وه‌ك يــه‌ك جوانــه‌ كردارتـــان
بۆيــه‌ وا زۆر ئاســـــــــوده‌ن
هاوكاری يه‌كتـــر ده‌كــــه‌ن
هه‌مـــوو دوانێك وه‌ك ئێـــوه‌
به‌ڕه‌نـــگ و ده‌نگ و شێـــــوه‌
ڕێزيـــان له‌ســه‌ر چاوانــــــه‌
پێيـان ده‌وترێــت دوانـــــه‌



# شاری یاری

ئای چەند خۆشە ئەم جێیە!
هەموومان حەزمان لێیە
ناوی شاری یارییە
لە پارکی ئازادییە
بەهەشتێکە بۆ مناڵ
ڕازاوە وەک گوڵی ئاڵ
پڕ لەیاری خۆش خۆشە
دڵمان بۆی بەپەرۆشە
ئەژدیهایە و بابەخولێ
بەهێمنی دەجوڵێن
ئۆتۆمبێلی پێشبڕکێ
تاودەدرێ بۆکێبڕکێ
سواربەلەمی پیاکەوتن
یاری نیشان شکاندن
زریان وگەشتی ئاسمان
یاری فیشەی منداڵان
لەگەڵ پەیژەو بازەفڕێ
خەیاڵمان وەک مەل دەفڕێ
لێرە هەموو دڵشادین
هەست دەکەین کەئازادین
کاتی پشوو بێکاری
دەبەینە سەر بەیاری



# ڤایرۆسی کۆرۆنا

بۆ ئەوەی ئەم ڤایرۆسە
نەمبات بەرەو نەخۆشی
خاوێنی خۆم ڕادەگرم
هەتا بژیم بە خۆشی
ئەمڕۆ کۆرۆنا باوە
پەتای ئەم سەردەمەیە
دەبێ خۆبپارێزین
چونکە زیانی هەیە
بۆیە بە سابوون و ئاو
دەستەکانم جوان دەشۆم
بۆ ئەوەی تەندروستبم
گرنگی دەدەم بە خۆم
دەستەسڕ بەکار دەهێنم
لەکاتی پژمەو کۆکین
شوێنێك خەڵکی زۆر لێبێت
وا باشە کە بۆی نەچین
ڤایرۆسی کۆرۆنایە
زیانی زۆر کاتییە
کەچارەسەر پەیدابوو
ئیتر ئەو بوونی نییە



# ژینگەکەم

بەجوانی دەیپارێـــــزم
تاخاوێن بێت ژینگەکـــەم
چونکە لە ژینگەی خاوێـن
هەست بەبەختیاری دەکەم
منیش وەك ژینگەپارێـــز
باش دەزانم ئەرکی خـۆم
ئەو شەقام خاوێن دەکـات
هاوکارو مانـــدووە بـــۆم
بۆیـە دەبێت دڵسۆزبـــم
ئەرکی سەرشانــم دیـــارە
ژینگە خاوێن ڕادەگـــرم
هەتا جوانبێت ئـەم شـارە
چی پاشـەڕۆو پیسیــیە؟
جێگـەیان زبڵدانــــــە
لقی داری ناشـکێنـــــم
ئاوی دەدەم ڕۆژانــــــە
شارمان  سەوزو ئاوداربێت
ژینگـــەی شیاوی ژیـــانە
دەبا باش بیپارێـزیـــــن
چونکە ئەرکی هەمـــوانە



# فڕۆکەکەم

یەک فڕۆکـەم کڕیــوە
لەمە پێشتر نەمدیــوە
زۆرجـوان دروستکـراوە
دووتایـەی بۆ دانــراوە
وێنەی ئاڵای کوردستـــان
لەلای ڕاستی نەخشـــاوە
کاتێك دەینێرمە ئاسمـــان
وەك مەل وباڵندەی جوان
کۆنتـڕۆڵـی بـەدەستـمـە
لەهەر شوێنێ مەبەستمە
بۆســەر زەوی دەهـێـنـم
خـۆشـمـدەوێ نـایشکێنم
ئۆخەی فڕۆکە جوانەکەم
شـادم یـاریـت پـێدەکـەم
هەرچەند بەرزبی،نەنەوی!؟
خـۆم دەتهێنمە سەر زەوی



# ڕۆژی منالان

ئەمڕۆ کە یەکی شـەشـە
ڕۆژێکی جیهـانیـیـــە
جەژنی ئێمەی مندالـــە
دلمان پڕ لەشادیـــە
لەمڕۆدا مافەکانمـــان
چەسپاون لەم جیهانـــە
هەمووومان باش دەیزانین
ڕیزبەندی ئەو مافانـــە
خوێندنی بەخۆڕایـــی
وەرزش وجولەو یـــاری
مافی تەندروستی بـــاش
ڕێزو بەخشینی دیـــاری
جل وبەرگی نەتـــەوەم
کلتوورو یاسایە بـــۆم
خوێندن بە زمانی خـــۆم
ئاخاوتن و گفتوگـــۆم
لەگەڵ گشت ئەم مافانـــە
ئەرکیش والەسەرشانـــم
پێویستە خزمەت بکـــەم
بەگەل و نیشتمانـــم



# سەردان

ئای چەند خۆشە،منداڵان؟!
من کە دەچم بۆ مـــاڵان
لەگەڵ دایکوباوکی خـــۆم
زۆر هێمن و لـەسەرخـــۆم
ڕێز لەخاوەن ماڵ دەگـــرم
بیـانوی نابـەجێ ناگـــرم
ئـەگەر منداڵیـان هەبـــوو
دەبـمە هـاوڕێـی زو بـــەزو
یـاری لـەگـەڵـدا دەکـــــەم
وەک خۆم ئاسودەی دەکەم
کـەلوپـەلی نـاشکێنـــم
لـەخۆمی ناڕەنجێنـــم
ڕەوشتی سـەردان وایـــە
دوور لـە شـەڕو هـەرایـــە



# وڵات

نیشتیمانی شیرینم
زێدی باب و باپیرم
هەمیشە خۆشەویستی
هەرگیز ناچیت لەبیرم
ئامێزت سەوزەڵانی
پڕ لەباخ و کانییە
دیمەنی شاخ ودۆڵت
مایەی کامەرانییە
بۆ ئێمە خۆشبەختیە
سامان وسروشتی تۆ
خاکت زێڕو گەوهەرە
نابێ  بیدەین بەفیڕۆ
خۆرو مانگ و ئاسمانـــت
دیاری خوای میهرەبانـــە
ئای چەند دڵگیروجوانی!؟
ناویشت کوردستانـــە
دەبێ ئاشتی و سەرکەوتن
مەبەست و ئامانجمانبێ
پاراستنت لەدووژمن
ئەرکی هەرهەموومانبێ
هەتا بتکەینە پێشەنـــگ
بەدەنگ و ڕەنگ وئاڵات
لەناو ڕیزی وڵاتـــان
بابە تۆش بڵێـــن وڵات



# کاتژمێر

کاتژمێر پیشەی جوانـــە
کات.. دەژمێرێ ڕۆژانـــە
هاوڕێی گەورەو منـــاڵان
ماندو نابێ لە جـــوڵان
بەچرکەو زەنگ لێدانـــی
ئێمەی بە ئاگا هانـــی
فێری کردین چالاکبیـــن
فێرخوازی دەرون پاکبین
چرکە بەچرکەی ڕۆژگار
ئێمەش وەک ئەوبین لەکار
کاتمان بەفیڕۆ نەدەیـن
تابەسەرکەوتن دەگەیـن
چونکە پابەندبون بەکـات
دەمانبات بەرەو ئـاوات



# به‌هار

وا هاتن په‌پوله‌كان
بۆكێلگه‌وباخی گوڵان
هاوڕێی وه‌رزی به‌هارن
ئاسوده ده‌كه‌ن دڵان
مۆسیقایه هاژه‌ی ئاو
له‌دامێنی شاخه‌كان
به‌سه‌مای پڕله شادی
ده‌جوڵێن دره‌خته‌كان
ده‌فڕن و ده‌جریوێنن
پۆلێك چۆله‌كه‌ی زیوین
هه‌نگه‌كان به‌شیله‌ی گوڵ
به‌رهه‌م ده‌هێنن هه‌نگوین
بولبولان به‌ده‌نگی خۆش
ده‌مبه‌خه‌نده‌و پێكه‌نین
دیاره له‌خۆشی به‌هار
گۆرانی ده‌ڵێن بۆژین
له‌ناوده‌شت وسه‌وزایی
شوان و مه‌ڕه‌كانی
تابلۆیه‌كی دڵگیرن
كاتێك لێیان ده‌ڕوانی
به‌سودن چواروه‌رزی ساڵ
بۆ خۆشی ئه‌م ژیانه
به‌ڵام هه‌روه‌رزی به‌هار
زیاتر دڵگیرو جوانه



# فڕین لەخەودا

دوێنێ فڕیم بە دووباڵ
بەرەو ئاسمانی ساماڵ
ئای بەرزایی چەندخۆشبوو؟!
دونیام لەبەرچاو گەشبوو
هەور بەلامەدا دەڕۆی
کردمی بەهاوڕێی خۆی
سەردانی ئەستێرەم کرد
سودی هەورم بۆباسکرد
ئەویش وەك من دەزانێ
هەور باران دەهێنێ
بۆ بینینی مانگ ڕۆشتم
کاتێک کەپێیگەیشتم

وتم ئەستێرەی هاوڕێم
تۆی باش ناساندووەپێم
پێیوتم کەبەخشندەی
ڕووناکی بە ئەو دەدەی
وتی هاوڕێ ڕاستدەکەی
بەڵام لەبیری نەکەی
خۆر بەخشندەو پێزانە
چونکە هاوڕێی هەموانە
دەیبەخشێ تیشکی زێڕین
بۆناو ئاسمان و زەمین
دەنگی دایکم بەگوێم هات
وتی ڕۆڵە خۆر هەڵهات
کاتێک چاوم کردەوە
ئینجا زانیم کەخەوە



# لێوان خۆشەویستە

لێـوان کچێکـی ژیـــرە
خـاوێـــن و رۆشنبیـــرە
وریـاو ژیـرو لێهاتـــوو
دانیشتووەلە پۆلــی دوو
رێـزی هەمووانی لایـــە
لەگەڵ کەس بەشەڕنایـە
بەرگی خاوێن وجوانـــە
وتــەی نەرم ونیانـــە
ئەرکی خۆی بەجێ دێنــێ
وانەکانــی دەخوێنـــێ
بۆیە هەمیشە لێـــوان
خۆشەویستەلای هەموان



# ئاڵاکەم

خۆشمدەوێ ئاڵاکـــــەم
نیشانەیە بۆ بوونـــــم
کەلە بەرزی دەیبینـــــم
ئاسوودەیە دەروونـــــم
ناسنامەی نەتەوەمـــــە
ئاشکرایە کـەکـــوردم
خاوەن خاکـی پیـــرۆزو
باب و باپیری مـــــەردم
بەچوار ڕەنگی واتـــادار
ڕازاوە زۆر بە جوانـــــی
ئازادی و شەهید بـــوون و
ئاشتییەو ئاوەدانـــــی
حەزدەکەم شەکاوە بـــێ
لە ئاسمانی کوردستـــــان
لـەناو ڕیزی ئاڵا بـــــێ
لـەگـەڵ ئـاڵای وڵاتـــــان
ئـەوسا بـەجیهان بڵێـــم
کوردم و ئاشتیخـــــوازم
دۆستی هەموو گەلانـــم
بـــەو ئـاڵایـەم دەنـــازم



# مەلەوگەرمای هاوین

ئای لەم گەرمای هاوینـــــە؟!
خۆرەکەی چەند بەتینـــــە؟؟!
لەشمان خاودەکاتـــــەوە
خەویش دەمانباتـــــەوە
چاکتروایە وریا بیـــــن
بەرگی تەمەڵی لابەیـــــن
بچین بۆمەلەوانگـــــە
جێی منداڵی چەلەنگـــــە
بەیاری خۆشی ئاوئـــــاو
دووربین لەتینی هەتـــــاو
مەلەبکەین ڕۆژانـــــە
بۆپتەوی لەشمانـــــە
چونکە لەشمان جوان دەکات
ڕوومان ئاڵ وگەش دەکات
لەگەرما ڕزگاردەبیـــــن
دوور لە نەخۆشی دەبیـــن
مەلەخۆشە بیزانیـــــن
بۆگەرمای ڕۆژی هاویـــــن



# خەیاڵی کۆترەکان

لەگەڵ دایەو بابە گیان
لای کۆترەکان وەستابووم
لە دەورم کۆبوونەوە
بە گمەیان سەرسام بووم
هێمن و لەسەرخۆبوون
زۆر جوانبوو هاتووچۆیان
نانەکەی دەستم وردکرد
خێرا چووم ڕۆمکرد بۆیان
دەفرێك ئاوم بۆ هێنان
ئای چەندە خۆشمدەوێن ؟!
یەکیەک ئاویان خواردەوە
دەفڕین لەم شوێن بۆ ئەوشوێن
کۆترێکیان باڵنەخشین بوو
هاتەسەر شانی ڕاستم
لەجیاتی گشت کۆترەکان
زۆر زۆر سوپاسی کردم
وتی ئێمەش وەك ئێوە
خاوەن خەون و خەیاڵین
حەز بە ئازادی دەکەین
دۆست و هاوڕێی مناڵین



# خۆری کوردستان

له پێناو کوردستانمـــــان
نەمامی جـوان دەڕوێنیـن
تاخاوێن بێت ژینگـەمــان
سەوزایی بەرهـەم دێنیـن
زەوی لادێ دەکـێڵیــــن
درەختی تیـا دەڕوێنیـن
بە بەرهـەمی خۆماڵــی
ژیـان بـۆ وڵات دێنیـن
شار بنیـات دەنێینــەوە
لەسەر جوانترین شێـوە
پڕ بێت لە گوڵ وگوڵـزار
پڕ لە سـۆزی جریــوە
هەتا خـۆری کوردستـان
تیشکی بۆهەموومان بێـت
چون ئـەوخـۆرە ئاوابێت!
ژینگەشمان لەناودەچێـت
دەباهەرکەس لەئاست خۆی
جێگادەستی دیاری بکــات
لەناوشار و لادێـی جـوان
خزمەتکـاربێت بـۆ وڵات



# خۆزگەی منداڵان

منداڵی کوردستانیـــــــن
دۆستی ئاشتی و ژیانیـــن
بادوربین لەناخۆشـــــی
هەتا بژین بە خۆشـــــی
جیهانی ئێمە وایـــــــە!
پڕلەخۆزگەو هیوایـــــە
ئامانجمان گەش و ڕوونە
ژینی بەرەو پێشچـــوونە
بەپرسیارو تێڕوانیـــــن
تێدەگەین و دەزانیـــــن
ئەو گەلە پێشکەوتـــووە
کە ڕۆڵەی تێگەیشتـــووە
دنیامان مەشێوێنـــــن
لە ژین مەمانڕەنجێنـــن
دەمانەوێت دواڕۆژمـــان
گەشبێ وەك ناخی خۆمان



# ساڵی تازە

سەری ساڵی تازەیـــــە
لێومان پڕ لەخەندەیــە
بۆیە شاد و بەختیاریـن
سەگەرمی بەزم و یارین
تەماشاکەن ئەم نــاوە
بە گوڵـی جـوان ڕازاوە
میزەڵانی ڕەنگاو ڕەنـگ
فوی تێکراوە بۆ ئاهەنگ
لە هەموولا خۆشییـــــە
سرودو گۆرانیـیـــــە
دنیایـــەکـی ڕازاوە
بۆ ئێمە سازکـــــراوە
ئەمڕۆ ئاهەنگ دەگێڕیـن
پیرۆزبایی دەنێریـــــن
بەسڵاوێکی بۆنخـــۆش
دەرونتان دێنینە جـۆش



# قوتابخانە

هاتومەتە پۆلی یـــــەك
وەکوگوڵی باخچەیـــەك
هەمووگیانم خاوێنـــــە
بێگەردم وەك ئاوێنـــە
جلی بەرم تازەیـــــــە
جوانیم بێ ئەندازەیـــە
دایکم ئامادەی کـــردووم
بۆقوتابخانەی نـــاردووم
دڵم پڕلــە خۆشییـــــە
نیشانەی زیرەکییــــــە
چاوەڕێی مامۆستاکـــەم
بێتەژووری پۆلەکـــــەم
تاگوێ  بۆ ووتەی بگـــرم
تاماوم ڕێـــزی بگـــرم
چاوڕێ  بم بۆ وانــــە
چەند خۆشە قوتابخانە!!!



# ڕۆژی ئاڵا

ئەمڕۆ زۆر شادمانــــم
ڕۆژی ئاڵاکەمانــــــە
جلی کوردیم پۆشیــوە
هاتووم بۆ قوتابخانــە
دیمەنێکی زۆر جوانــە
ئاهەنگیان سازکردووە
یادی ڕۆژی ئاڵایـــــان
بە بەرزی ڕاگرتـــــووە
ئاڵا هێمای بونمانـــــە
سەروەری گەل و هۆزە
شکۆی نەتەوەی کوردە
بۆیە لامان پیـــــرۆزە
دەبا هەموو یەکبگریـن
تاسەرکەوێ نیشتمــان
با ئێمەش وەك وڵاتـان
شەکاوەبێ ئاڵامــــان



# سوڕی ئاو

سووڕی ئاوم بۆ ژیان
لە ڕووبارو دەریاکان
تیشکی خۆر گەرمم دەکات
دەمکات بەهەڵم و دەمبات
بۆناو قووڵایی ئاسمان
چڕدەبمەوە هەمدیسان
دەبم بە هەورێکی ڕوون
دێم  ودەچم لە گەردوون
بە دڵۆپەی بارانم
دڵخۆشکەری هەمووانم
کاتێك کە دادەبارێم
نمنم ،یابە لێزمەدییێم
زەویتان تێرئاودەکەم
ئاوی کانی زۆردەکەم
دووبارە بەتیشکی خۆر
دەبمە هەڵمی جۆربە جۆر
دەڕۆمەوە بۆ ئاسمان
دەبمەوە بە باران



# هــەنار

من هەنـــارم هەنـــارم
بەتوێکـڵ ونـــــاودارم
دەنك دەنکـی وردیلـــەم
هاوڕێی ئێوەی خنجیلـــەم
ئاودارێکـــی ڕووپـۆشـــم
ترش وشیریـن مێخۆشـــم
بۆجوانـی لەش پێویستـــم
هەمیشـە خۆشەویستـــم
بۆمیوان لەت لەت دەکرێم
لەسەر سینی دادەنـرێـــم
مایەی خۆشبەختی خەڵکم
میوە یەکی بەکەڵکـــم



# کۆمپیوتەر

ئـامێرێکم لەم ژینــــە
بـمـنـاسـن منداڵیـنـــە
مرۆڤ دروستی کـــــردوم
پڕ لە زانیـاری کـــردوم
وەرن بۆلام بمدوێنـــــن
چیتان ویست لێمدەربێنن؟
وەکو گەنجینە وە هــــام
پڕ زانـیـاری بـەبـەهـــام
بۆهەرکاتێك کەویستـــان
دەرگای زانینـم بۆتــــان
هێماو وێنەی ڕەنگاوڕەنــگ
پیت و وشەی ناوفەرهەنـگ
پێشکەش بە ئێوە دەکـــەم
تابیرتان پاراو بکـــەم
ئـێوەش هاوڕێبن تاســەر
لەگەڵ منی کۆمپیوتــەر



# هەنگ

مندالە ژیکەلەکـــــان
گوێم لێبگرن هەمووتـــان
باتاوێك بتاندوێنــــم
خۆمتـــان پێبناسێنـــم
نازناوی ژینـــم هەنگـــە
ناوم جوان وقەشەنگـــە
زیندەوەرێکـــــی وردم
بەڵام بەدەست وبـــردم
دەفڕم لەم چڵ بۆئەوچـــڵ
بۆنیان دەکەم گوڵ بەگـــوڵ
ماڵم لەمۆمخانـــەیـــە
ورد و خنجیلانـــەیـــە
هەم جێگـای کارکردنـــە
هەم بۆکاتی خەوتنـــە
کاری من زۆرسەنگینـــە
بۆبەرهەمی هەنگوینـــە
پێشکەشتان دەکەم هەنگوین
سەرچاوەی خۆشی بۆژیـــن
بۆساتێك خۆشـی ئێـــوە
هەردەم بزەم لەلێـــوە
دەبائێوەش وەکـومـــن
ئازاو وریـا  چالاکبـــن
هەروەکو مۆم ڕووناك بـــن
دڵسۆزی گەل وخاك بـــن





# مافی منداڵ


ڕۆژ ... ڕۆژی مـنـاڵانـه
مـافـی ڕەوای خـۆمـانه
بۆ ئەم ڕۆژە پەرۆشبین
چەپڵەلێدەین دڵخۆشبین
ئـەمڕۆ ،ڕۆژی قـاقـایـە
گـۆرانی و مۆسـیـقـایـە
فیستیڤاڵێک سازدەکەین
دڵمـانـی پێ شاددەکەین
نـوانـدنی سـەرشـانـۆ
زۆرجـوانـە لەمن وتۆ
بیرۆکەی شانۆی ئەمساڵ
ناودەنێین مـافـی مـناڵ
بەبەهرەو خولیای خۆمان
بەسەر دەبەین ئەمڕۆمان
زیـرەکـیمان دەنوێـنین
گەورەو بچوک دەدوێنین



خەیاڵی کۆتر فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

# ئەندامەکانی لەشم

لەشم چەند ئەندامێکە
زۆر جوان و ڕێک و پێکە
لای سەرو کاسەی سەرە
پڕ زانست و هونەرە
دووچاوی گەش وجوانم
هەمیشە پێیدەڕوانم
لوت هەستی بۆنکردنە
بۆ هەوا وەرگرتنە
بۆ گفتوگۆی شیرینم
زمانە هاوڕێی ژینم
بەدووگوێی خۆشەویستم
هەموو شتێک دەبیستم
دەستەکانم بەکارن
بۆ ئیشکردن لەبارن
پێ ئەندامی ڕۆشتنە
هەمووکات لەگەڵ منە
بەم ئەندامانەی لەشم
هەمیشە من دڵگەشم
چونکە دیاری یەزدانن
چەند خەڵاتی جوانن؟!!!



# جلی کوردی

جلی کوردی و ئاڵاکــــــەم
نەریتی باپیــرانـــــــــم
شانازی پێوە دەکـــــەم
کە کوردییە زمانـــــــم

لــە نــەریتــم لانـادەم
بۆیـە وەها دڵخۆشـــــم
جلی کوردی نـەك ڕۆژێـك
هەموو ڕۆژێك دەیپۆشم



# یەکەم ڕۆژ

ڕۆژێکی پڕ خۆشییـــــە
دڵـم زۆر شـادمـانـــــە
چونکە یەکەم ڕۆژمـــە
دەچم بۆ قوتابخانــــە
بەبەرگی قوتـابییـەوە
لەگەڵ منداڵی گـەڕەک
خەندە والەسەر لێومان
وەکـو بچین بۆ ئاهەنگ
مـژدە، مـژدە هاوڕێیـان
ئـەمڕۆ لەقـوتـابخـانە
ئاهـەنـگی یـەكناسین و
خۆشی و چەپڵەڕێزانــە
بـەڕێـوبـەرو مـامـۆسـتـا
قوتابیەکانیش سەرجەم
دێن بۆ پێشوازی ،ئێمەی
قـوتـابـی پـۆلـی یـەکـەم



# ئاشتی

هەمیشە هاوڕێی ئاشتین
لە ئاشتیدا خۆشبەختین
وڵاتمان ئاشتی دەوێ
ئاشتیخوازمان خۆشدەوێ
جەنگ مایەی وێرانییە
ئەنجام پەشیمانییە
بوونی سامانی وڵات
هەمووی بەفیڕۆ دەبات
سیمای گوڵ دەژاکێنن
ژینمان لێدەشێوێنن
تیشکی خۆرمان لێدەبات
ئاسمانمان تاریك دەکات
بالەجێگای هەراوشەڕ
هەوڵمان بخەینەگەڕ
بۆ وڵات بەخزمەت بین
هەتاکو ئاسوودەبین
چوون ئاشتی وئاوەدانی
هێمان بۆشارستانی



# هاوڕێیەکی مەزن

کۆمپیوتەرەکەی هاوڕێـــم
بـۆ ژیـانم پـێویـستـــە
گـەنـجـینـەی زانـیـارییـــە
لە لای من خۆشەویستـــە
سـەرم تـەواو سوڕمـاوە
چۆن ژیرانە کاردەکات؟!
بەوشەو وێنەو یـــاری
ئەرکی خۆی ئەنجامدەدات
کـاری زۆر وردوجـوانـــە
لـێـزان و شـارەزایـــە
چیم بویَ؟لێیدەپرســم
چـونکە وەڵامـی لایـــە
ئامانجی تـەواو ڕوونـــە
ئـەویش خـزمـەتکردنـــە
هەربۆیە خۆشمـــدەویَ
هـاوڕێـیـەکی مـــەزنـــە



# وەرزش دەکەین

وەرزش دەکەین ڕۆژانە
ئای چەند خویەکی جوانە!

بەیاری و جوڵەو بازدان
جوانیی دەدەین بەلەشمان

ئاسودەو دڵپڕلەخۆشی
بەدوورین لەنەخۆشی

چوست وچالاک و گورجین
ژیرانە دێین و دەچین

وەرزش بۆتە پیشەمان
جوان و بەهێزە لەشمان



# ئەستێرە

ئای لەبریسکەی ئەستێرە
پرشنگی وەکو زێــــــڕە
بە ڕوناکی شەوانـــــی
بۆسەر شاری سلێمانـــی
دیمەنی شارمان جوانــە
بەوێنــەی چراخانـــــە
ناوی تۆ ئەستێرەیـــــە
ڕوناکیت بۆ ئێمەیـــــە
وەکو ناوی باخچەکــەم
هیچ جیاوازیەك ناکــەم
تۆبە پرشنگی زێڕیــــن
باخچە ڕەوشت وزانیــن
چرای دەستمان هەڵدەکەن
دنیامان ڕۆشن دەکــــەن



# ژیانی ئازادی

ئای چەندە دڵخۆشم مـن
دوورم لەدەستی دوژمـن
نیشـتمـانـم ئـــازادە
بۆیـە دڵـم پێـی شـادە
بەبێ ترس دەتـوانـــم
چی،بڵێم بـە زمانـــم
وێنەی شاخودەشت ودۆڵ
سەوزایی ویاڵ،خاکوخۆڵ
دەکێـشـم بـە ئـــازادی
ئای چەند خۆشە ئازادی؟!
ئـاوەدانی  نـیـشـتـمـان
خۆشی خستۆتە دڵمـان
لەخاکی پڕ سەروەریـن
بۆیـە وا بەختـەوەریــن
سرود دەڵێین بەشـــادی
بـۆژیـانـی ئــــازادی



# پروشەی بەفر


پروشەی کرد بەفری جوان
سپی بەوێنەی لۆکە
ئەم دیمەنە چەند جوانە؟!
پێدەکەنێ بە جوانی
دەبەخشێت خۆشی ژیان
ئای چەند شادو ئاسودەین؟!
شێوەکاری بچکۆلەین
لاوەند لامان وەستاوە
بە ئایپادەکەی دەستی
زو زو وێنەمان دەگرێ

وا هاتە خوارلە ئاسمان
دنیا بوو بە بەفرۆکە
وێنەی ناخی ئاسمانە
بۆمناڵانی سلێمانی
بە مناڵانی کوردستان
لە بەفرا یاری دەکەین
لەبەفر پەیکەر دەکەین
لەم دیمەنە ڕاماوە
تێکەڵ بە دنیای هەستی
بۆ یادگار هەڵیدەگرێ



# مانـــگ

لەقووڵایی ئاسمانـــم
لەگەڵ ئەستێرەکانـــم
بەشەو دەیدەم ڕووناکی
تاڕۆشنکەم تاریکـــی
شێوەم زوو. زوودەگۆڕێ
کاتی پێ دیاری دەکـــرێ
تەمەنم یەك هەفتە بـــێ
شێوەم وەك کەوان دەبێ
کەدەڵێن مانگ چواردەیە
تەمەنم دووهەفتەیـــە
کاتێ کەتەواوپـــڕم
هە روەکو تۆپێـك خـڕم
جوانم بەئاسمانـــەوە
پێم دەڵێن مانگە شەوە



# گۆرانی بولبول

بولبولێکی بچکۆلـــەم
لەناوقەفەس دانابــوو
ڕۆژێک بینیم خەمبـــارە
زۆر لاوازو داماو بـــوو
ئـازادم کـرد لـەژیـــان
فـڕی بـەدڵێکی خـــۆش
بەنەغمەوئاوازی جـــوان
بۆی وتم گۆرانی خـــۆش
وتی :ئۆخەی سەربەستم
وادەدەم لەشەقەی بـاڵ
ئـاوازو گـــۆرانی مـــن
دیارییە بۆتۆی منداڵ
دیلێتی لەنـاو قەفەس
هەتا بڵێی ناخۆشـــە
ژینی  ئاسمـان وزەوی
هەربە ئازادی خۆشـــە
منیش زانیم ئـــازادی
چەندە بۆ خۆم ڕەوایە؟!!
لای هەموو بوونەوەرێـك
هیواوخۆزگەو خولیایـە



# بچکۆلە

بۆ ئلیانا

ئێسکسوکی بچکـۆلـە
بەخێرهاتی بـۆ ژیـان
جوانی وەکوبەرخـۆلـە
ئەی خنجیلـەی بێزیـان
چاودەگێڕی برسیتــە
نازانی بڵێی چیمە؟؟
بەگریان و هـــاوارت
پێمان دەڵێی برسیمـــە..
ئارامبە ئازیزەکـــەم
فرمێسك لەچاوتـــایە
ئێستاکە دەتخەوێنـــن
شیرو باوەشی دایـــە
دڵخـۆشین بە هــاتنت
ئەندامی تازەی خێــزان
ئەمڕۆ بێهێزو تـوانـــای
سبەی کارامەو لێــزان





## كورتەيەك دەربارەی نوسەر

ناوی تەواوی ( فەرهاد ئەحمەد سەعید موحەمەد ئەمین )ە لەساڵی ١٩٧٥لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.
لەبەرئەوەی بنەچەی بنەماڵەكەیان دەگەڕێتەوە سەرشارۆچكەی بەرزنجە،بۆیە بەشانازییەوە نازناوی بەرزنجی بەسەرنوسینەكانیەوە دەردەكەوێت.
قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەسلێمانی تەواوكردووە،لەساڵی ١٩٩٥دا پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لەسلێمانی تەواوكردووەو لەگوندی گێڵدەرەی سەر بە شارۆچكەی بەرزنجە دەستبەكاربووە وەك مامۆستای بنەڕەتی...
سەرەتای نوسینی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٨٨كە لەبوارەكانی سۆزداری وكۆمەڵایەتی ونیشتمانیدا هۆنراوەی نوسیوە،لەدوای ڕا پەڕینە مەزنەكەی بەهاری ١٩٩١لەگۆڤاری ﴿پەیامی ڕاستی﴾ و ڕۆژنامەی ﴿ ولاَت ﴾ دا هۆنراوەكانی بلاَوكردۆتەوە.
لەساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ دەستبەكاربوونی بە پیشەی مامۆستایی وتێكەڵ بەدنیای منداڵان دەبێت و دەست دەكات بە خوێندنەوە دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان و خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەی كەبۆ منداڵان نوسراون ، پاشان دەستدەداتە نوسینی هۆنراوەوچیرۆك بۆ منداڵان.
لەو كاتەوە بەردەوام هۆنراوەوچیرۆكی بۆمنداڵان نوسیوەو لەوگۆڤارانەی بۆمنداڵان دەردەچن بلاَوی كردونەتەوە,وەك گۆڤارەكانی { پە پولەو جگەرگۆشەكان وكۆلارەو كەناری و حاجیلە وگۆران وگوڵەكان و تۆم جیری

وجوڵانیٚ و گرِوگاڵی نویٚ } هەروەها {گۆڤارەکانی سلیٚمانی و ئاری و دیاربەکر و ژیارو شاربازیٚر و هەروەها رِۆژنامەی ئامانج وساڵنامەی گرِی نەورۆز} چەند بابەتیٚکی بلاٚوکردوٚتەوە.

کۆمەلیٚك لەهۆنراوەکانی ئاوازیان بۆدانراون و کراون بەگۆرانی وبەکلیپ لەکەناڵەکاندا پەخشدەکریٚن،

کۆمەڵیٚك چیرۆکی منداڵانی لەزمانی عەرەبییەوە ،وەرگیٚرِاوەتە سەر زمانی کوردی وهەندیٚکیشیانی

لەگۆڤارەکاندا بلاٚو کردونەتەوەو بەنیازە لە دووتویٚی کتیٚبیٚکدا چاپیان بکات .

لەم دوایانەشدا لە چەند سایتیٚکی ئەدەبیدا بابەتەکانی بلاٚودەکاتەوە.شایەنی باسە تائیٚستا ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندون :

بووکە بچکۆلانە ساڵی ( ٢٠٠٢ ) کۆمەڵیٚك هۆنراوە بۆمنداڵان .

راستگۆیی ساڵی ( ٢٠٠٣ ) کۆمەڵیٚك هۆنراوە بۆمنداڵان ٠

ژینی چۆلەکە ساڵی ( ٢٠٠٤ ) هۆنراوە بۆمنداڵان

گەشتەکەی لانە بۆسەرمانگ ساڵی ( ٢٠١٠ ) کۆمەڵیٚك چیرۆك و هۆنراوە بۆمنداڵان.

لەساڵی ٢٠١٥ دا لە پەیمانگای گەشەپیٚدانی پەروەردەیی دەستیکردوە بە پرۆسەی خویٚندن بۆبەدەستهیٚنانی برِوانامەی بەکالوریوس لەزمان و ئەدەبی کوردی و وەرگرتنی نازناوی مامۆستای پەروەردەیی ولەساڵی ٢٠١٧دا بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە.